هەواڵنامەی کتێب

# ئەویننامە

**ئەم کۆمەڵەهۆنراوە لەپایزی ٢٠١٣ تا هاوینی ٢٠١٧ نووسراوە.**

ناوی کتێب: ئەوینناما
نووسەر: رەفیق سابیر
بابەت: هۆنراوە
تابلۆی بەرگ: هونەرمەند رێبوار سەعید
چاپی یەکەم: پایزی ٢٠١٧
بڵاوکراوەی<چاپەمەنی مانگ، بانە، ئێران
ISBN: 978-600-8912-02-6

رەفیق سابیر

# ئەویننامە

هەواڵنامەی کتێب

هۆنراوە

هەواڵنامەی کتێب

# پێڕست

**I**

وتەیەک

ڕووناکی

لەگەڵ جوانی

ڕۆژگاری ئەوین

ستایش

بە ڕوتی جوانتری

کزەبۆنێک

شابۆن

شەو بوو

تاراو

دوای تۆ

هەر تۆ

جوانی هەر لاوە

تا بەرگە بگرم

**II**

جار بە جارێ

لە کوێم!

هەواڵنامەی کتێب

هەر خۆیەتی

تەنیایی

ئەوێ شەوێ

خولیایەک

بۆ مردن

شاعیرێ دەمرێ

من بیری زێدەکەم دەکەم

شاجوانی گەرمیان

ئاوێتەبوون

**III**

**بەڵام لە هەموویان جوانتر**

(٢٩ هایکو و هایکوی ئازاد)

هەواڵنامەی کتێب

## وتەیەک

ئەم کتێبە ستایشی ئەوین و جوانییە، جەخت و پێداگرییە لەسەر پیرۆزیی ئەوین، دڵگیریی جوانی، خەونی بەختەوەری و ئازادی، کە وەک دیاردە و هێز بەرامبەر شەڕ و توندوتیژی و وێرانی دەوەستن، دەمێنن و مەیدانی ژیان بۆ تاریکی و دزێوی و ستەم چۆڵ ناکەن. هەرچەندە تارمایی شەڕ و مردن شوێنپێی جوانییەکان هەڵدەگرن، بەڵام شکۆی ئەوین و شوێنی نەمری ژن لەناو دڵ و بیرەوەرییدا، وەک هێزێکی خۆڕاگرتر و نەفەسدرێژتر لە هەموو نووچدان و کارەساتێک، ڕۆشنانییەکی ڕۆحی بە هۆنراوەکان دەدات.

دوابەشی (ئەویننامە) چەپکە هۆنراوەیەکی هایکویە، کە زۆربەیان پەیوەندییان بە سروشتەوە هەیە. شیعری هایکو، ناودارترین شێوازی شیعریی یابانییە و ئەزموونێکی هەستیی مرۆڤ، کە لە کورتە ساتێکدا ڕوو دەدات و دووبارە نابێتەوە، بە پوختەترین شێوە و کەمترین وشە، پێشان دەدات. لە هایکودا، سروشت و پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و سروشت و ئەو گۆڕانکارییانەی کە سروشت بەسەر ژیان و لایەنی سایکۆلۆجی و ڕۆحیی مرۆڤی دەهێنێت، بابەتی سەرەکین."١"

(ئەویننامە) چەند بابەتێکی جیای ئەزموونی جوانی و خۆشەویستییە، بە ستایلێکی تایبەت نووسراوە، لە ڕووی شێوازی دەربڕین و هونەری شیعرییەوە، تا ڕادەیەک لە کۆمەڵەهۆنراوەکانی ترم جیاوازە. ئەمەش پەیوەندیی بە ئەزموونی شیعریی من و ئەزموونی ئەوین و جوانییەوە هەیە. لە زۆربەی هۆنراوەکاندا ڕیتم و کێش و قافیە پارێزراون، بەڵام بە شێوازی جیاواز و جۆراوجۆر بەکار هێندراون، ئەگەر لە یەک یان دوو هۆنراوەدا جۆرە سادەییەک هەبێت، بەشێکە لە سادەیی جوانی، یان جوانیی سادەیی.

ڕەفیق سابیر

سوید، ئوپسالا ٢٩-٧-٢٠١٧

هەواڵنامەی کتێب

# I

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## رووناکی

رووناکی هەڵدەکشێ

دادەکشێ

وەک ئەوین دەمانبات

گرنگ نییە بەرەو کوێ!

هەر ساتە و هیوایەک

خەونێک و

جوانیەک لە هەر جێ

لە پێچی تەماویی زەماندا

منداڵیی لەسەر رێ.

❊

ڕووناکی دەڕوا و دێ

پێکەوە بیابان و دەریا،

شار و دێ و کێو دەبڕین

هەر جارە ڕەنگی نوێ

بۆنی نوێ و

شێوازی نوێ دەگرین.

پێکەوە ئاوێزانی جوانی،

دەچین و هەر دەچین

بە ناخی خۆمان و

ژیان و

قووڵایی زەماندا ڕۆ دەچین

ڕۆ دەچین.

هەواڵنامەی کتێب

## لەگەڵ جوانی

١

لە هەر کوێیەک ژیان هەبێ

جوانیی لێیە

بە هەر جێیەک بگەین

نەگەین

لەوێ جوانی چاوەڕێیە

هەر تەمەنێک و جوانیی خۆی،

جوانی هاوڕاز و

هاوڕێیە.

٢

جوانی جمکی بەختیارییە

روون وەک ئەوین

سادە وێنەی رووناکییە.

جوانی وەک ژیان دیارییە.

٣

دەروێشانە وەک دێوانە

بەرەو پیری جوانی دەڕۆم

منداڵانە

عاشقانە

لەبەر گزنگدا بە رووتی

رادەکشێم و

دڵم دەشۆم.

هەواڵنامەی کتێب

٤

من لەگەڵ خۆم ئاشت دەبمەوە

روو لە ژیان

ئاوێزانی جوانی دەبم

بە رێی عیشقا

بەرەو لای خۆم دەڕۆمەوە.

هەواڵنامەی کتێب

## رۆژگاری ئەوین

**(نۆستالجیا)**

١

ژیان بە تۆوە ڕووناک و ئاوا

جوانییش لە تۆدا شاناز، گەشاوە

وەختە ڕۆح لە سوێی عیشق و دیدارت

خامۆش بێت وێنەی مۆمی کوژاوە.

٢

سەردەمی جوانی، ڕۆژگاری ئەوین

خەونێکی هاوبەش هەڵی دەگرتین

بە ڕێی خەوندا ئاوئاسا ڕەوان

بە باڵی خەون بۆ هەرجێ دەفڕین.

٣

به خەون دەژیاین ئەو ڕۆژگارانە

بۆ ئەوین دەژیاین وێنەی دێوانە

ژیان هاوواتای جوانی و هیوا بوو

خەون دەلیل و عیشق چرا بوو.

٤

وای لەو خەونانەی ڕۆژان و شەوان

وەخت و ناوەخت دەهاتنە ژوان!

خەون دەگۆڕدرا، خەون دەیگۆڕین

ئێمەش شاناز و شاگەشکەی ژیان.

٥

کوان ئەو خەونانەی بەجووت دەماندین؟

چییان بەسەر هات، بەرەو کوێ ڕەوین؟

چەند بێنازانە تەنیا مانەوە

بێمورادانە گوڵئاسا وەرین!

٦

ئەو ڕۆژگارانە چەند زوو بە سەر چوون
خەون و ئەوینمان ڕەوین و ون بوون
وەک وڵات کوژران، وەک جوانی نێژران،
ڕێی خەون و ئەوین دەکشێن تا شێتبوون.

٧

لە بیرت ماوە بە خەون دەژیاین
بەو خەونانەوە دنیا بەرین بوو
ئێمە جوانتر و دڵ پڕ ئەوین بوو
ئینسان ئینسان و ژیان پڕ ژین بوو.

## ستایش

تاوێ لەتاوی تۆیە
تاوێ لەبەر ژیانە
دڵ هەراسان، چاوەڕێ
وەک پۆلووی ئاگردانە.

خەونێکی شێتانەیە
لە ناکاو هەڵی گرتووم
ڕێشاندەری جوانییە
بەرەو ئەوینی بردووم.

هەواڵنامەی کتێب

رۆژێ تەنیا و هەڵوەدا
چۆڵنشین وەک دیوانە
رۆژێ سەرمەستی ژیان
شاگەشکە وەک پەروانە.

عاشق، ساکار و خۆشبین
خۆشخەیاڵ جار جار ونڕێ
دەڵێن باڵداری شەیدا
لە تاریکیشدا دەفڕێ.

هەواڵنامەی کتێب

دڵم رووناکی دەگرێ
گۆرانی ئەوین دەچڕێ
عیشق بەرەو کوێم دەبات؟
وەختە باڵم پێ بگرێ!

عیشق رووەو لوتکەیە
یان هەڵدێر و ڕۆچوونە
عاشقبوون چارەنووسە
ڕێگای بوون و نەبوونە.

دەڕوانم و نابینم
ورِ و وێڵ سەرمەستانە
بەڵام لە کوێ دەمزانی
ئەوین هێندە بە ژانە!

هەواڵنامەی کتێب

جار بە جار دەروێشانە
شاد، یان داماو ڕێ دەبڕم
خوایە هێزێ، تواناێ
بەرگەی ئەم عیشقە بگرم؟

هەواڵنامەی کتێب

تاوێ لەتاوی تۆیە

تاوێ لەتاو تەنیایی

ئەم عیشقە دەمترسێنێ

چەند بە سوێیە جودایی!

## به رووتی جوانتری

به رووتی جوانتری

رووت بەوە وەک هەتاو!

با جوانی بێتە گۆ

شەپۆلی رووناکی

وەک باڵات هەڵبکشێ

رۆح روون و

درەوشاو.

❊

هەواڵنامەی کتێب

ڕوون بەوە وێنەی ئاو!

کە جەستەی گوڵڕەنگت

ڕووناکی دەدوێنێ

کە جوانی لە تۆدا

جادوی خۆی

شکۆی خۆی

دەنوێنێ.

❊

هەواڵنامەی کتێب

بە ڕوتی جوانتری

جوانی جوان

وێنەی ژین.

بە ڕوتی ڕوونتری

ڕوونی ڕوون

وەک ئەوین.

## کزەبۆنێک

لەپڕ دڵم دادەخۆرپێ
نم نم بۆنێ
بە جەستەمدا رۆدەچێت و
رۆح دەتەنێ.

کزەبۆنێ دەمهەژێنێ
بۆنێ بە دڵ ئاشنا و گوڵین
روون و پڕ هەوەس و پڕ ژین
وێنەی بۆنی پرچی باراناویی ژنێ.

هەواڵنامەی کتێب

## شابۆن

شەو وەک من لە هیچ رامابوو

دنیا خامۆش و

لە هەر لا بێدەنگی،

لە ناوەڕاستی رێگاشدا

زەمان وەستابوو.

ئەو شەوە من بەخۆ نامۆ

زیز و لە دونیا دابڕاو

کەچی شابۆنێ، بۆنی تۆ

بە جەستەمەوە هەر مابوو.

هەواڵنامەی کتێب

## شەو بوو

هەواڵنامەی کتێب

ئەوێ شەوێ

لە گۆشەیەکی کۆڵاندا

دەستت گرتم

هەر لە بیرمە

بەبەر چاوی تریفەوە

فێرە ماچت کردم.

## تاراو

لە دوای جودایی

خەونی هاوبەشمان ئێستا گۆڕاوە

ئیتر هیچ شتیک وەک خۆی نەماوە،

من تەریک، تاراو

رۆحیش سەرگەردان

لەوێ جێ ماوە.

لە دوای دڵشکان، پاشی جودایی

دەڵێی بوومەتە میری تەنیایی.

هەواڵنامەی کتێب

## دوای تۆ

وەرزێکی تر و ڕۆژگارێکی تر
بێ تۆ ڕەت دەبن
هەموو شت ڕەنگی بێتۆیی دەگرن.

دوای تۆ نە زەمان
وەک جاران ماوە
نە من، نە ژیان.

ڕۆژگار دێت.. دەچێت
هەرجێ چۆڵەوار
ژیانیش بۆنی غەریبی دەگرێت.

هەواڵنامەی کتێب

## هەر تۆ

هەواڵنامەی کتێب

تاوێ دیار و ون تاوێ

لە کوێ بیت، بە هەر ناوێ

هەموو رێیەک بەرەو تۆ

ژیان ئاوێتەی عیشقت

کەس نا

تۆ، تەنیا هەر تۆ!

## جوانی هەر لاوە

هەواڵنامەی کتێب

تەمەن تێپەڕی جوانی هەر لاوە

خەونی مە ژاکان ژیان گەشاوە

دڵ سەد جار شکا

کەچی رۆح وەک خۆی بە ئەوین ئاشنا

بە تۆوە ماوە.

## تا بەرگە بگرم

١

هەواڵنامەی کتێب

تا بەرگە بگرم
لە تاریکیدا گۆرانی دەچڕم
لە تەنیاییدا جوانی دەدوێنم
لە غەریبیشدا یاری نوێ دەگرم.
شیعر دەنووسم
بە ڕێی ئەویندا بەرەو هەر جێیەک
بخوازم دەفڕم.

٢

تا جوان وەک ئینسان بمێنێمەوە

من ئازاد دەژیم، روون وێنەی کانی

سادە وەکو خاک، زار پڕ گۆرانی

رۆح تژی جوانی.

٣

جوانانە دەژیم، جوانانە دەمرم

من بەرگە دەگرم

دڵدار و دڵڕوون، خەوبینەرانە

رێی ژیان دەبڕم.

هەواڵنامەی کتێب

# II

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# جار بە جارێ

١

جار بە جارێ لە ژین تۆراو

جوانی ئاشتم دەکاتەوە.

لە خۆم زیز، لە دونیا رەنجاو

خەون دڵم دەداتەوە.

٢

من کێم و چیم؟ لە خۆم ناگەم!

من چیم دەوێ

یان چیم ناوێ

بۆچی لەگەڵ خۆم هەڵناکەم؟

هەوڵنامەی کتێب

٣

له خۆم  تۆراوم دەمەوێ

ساتێ زووتر سەرهەڵبگرم

وەک پەڕەسێلکەی جێهێڵراو

تا ئەوسەری دونیا بفڕم.

٤

ڕۆژێک پەرێشان و خەمپۆش

بە تەنیاییدا ڕێ دەبڕم

منداڵ ئاسا لەخۆڕا زیز

نازانم بۆ گڕو دەگرم!

٥

ڕۆژێکی دی شاد و خەندان

بە ڕەو پیری جوانی دەچم

عاشقانە بە هەڵپەوە

ئاوێزانی ژیان دەبم.

٦

تاوێک خەمۆش، گۆشەنشین

تاوێک بە دەنگ و پڕ تینم

جوانپەروەر بەدەم ڕێگاوە

بێدارانە خەو دەبینم.

٧

بیرپەرتێن و لە خۆ ڕاماو

بە بێدەنگی خۆم دەدوێنم

بە هەڵپەوە دڵ بە جواناو

ڕۆح بە زەردەپەڕ دەڕشێنم.

٨

جار بە جارێ زلبینانە

بە ڕۆژی ڕووناک نابینم

هەندێک جاریش "حەکیمانە"

لە تەنگانەشدا پێشبینم.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

٩

بەڵام من کێم و چیم دەوێ؟

بۆ لە هیچ کوێ

تاوێ دڵم هەدا نادا

ڕۆحیش لە جێیەک ناسرەوێ؟

## لە کوێم؟

من هەم لێرم و

هەم لەوێ

من لێرە دەدوێم و

دەنگم لە جێیەکی دی دەبیستریٚ

بێدارم و خەون دەبینم

بە ئێستادا دەڕوانم و

لە کۆلانی منداڵیدا سەرگەردان

ژنێک ئاوێزانمە و

بیرم بۆ لای ژنێکی دی دەچیٚ.

من لێرە دەژیم

کەچی لە جێیەکی تر دەمرم،

یان لێرە دەمرم و

لە جێیەکی دی دەژیم.

من هەم لێرەم و

هەم لەوێم

من نە لێرەم و

نە لەوێ

لە کوێم؟!

هەواڵنامەی کتێب

## هەر خۆیەتی

هەر خۆیەتی

گوێی بۆ بێدەنگی گرتووە

چنارئاسا تەنکەتەمێ تێی ئاڵاوە

خەمێکی روون وەک تریفە

رووی تەنیوە.

لە خۆی نەبێ لە کەس ناچێ

گوڵەکێویی سەر تاوێر و

لاسکەگیای پەنا کەلاوە.

٢

هەر خۆیەتی

وەک گەڵایەکی بابردوو

لە چۆڵاییدا سەرگەردان.

دەڵێی چۆڕێ ڕووناکییە

بەسەر خۆیدا

بەسەر زەماندا ڕژاوە.

هەر خۆیەتی

لە ناوەوە داگیرساوە.

ھەواڵنامەی کتێب

## تەنیایی

١

هەواڵنامەی کتێب

کە تەنیایە

ژیان بە روتی دەیبینێ

هاوەڵی جوانی و هیوایە

وا دەزانێ

هەموو شتێ بە وێنەی خۆی

بێ کۆتایە.

٢

ئەو ساتانەی هەر خۆیەتی

روون دەنوێنێ

وەک خۆیەتی.

٣

کە تەنیایە

لە بوونی خۆی

دڵنیایە.

هەواڵنامەی کتێب

## ئەوێ شەوێ

من لە کوێ بووم؟

زەمان هەتا کوێی بردبووم؟

بیرمە شەو بوو

لە هەر لا کپی و چۆڵایی

ئاسمان تەمپۆش،

تاریکی وەک وشکەگەڵا

لەبن پێمدا ورد ورد دەبوو

شەو بێ جوڵە

بەرەو قووڵایی خۆی دەچوو.

هەولنامەی کتێب

بۆ کوێ دەچووم!

بۆچی دەچووم!

پەشۆکاو دڵم دەلەرزی

تەمێکی چڕ دای پۆشیبووم

وامدەزانی لە پڕ دونیا

لەگەڵ مندا

نغرۆ دەبێ.

هەستم دەکرد هەموو شتێ

بە من دەچێ.

کەواڵنامەی کتێب

ئەوێ شەوێ

نەمدەزانی

من بەرەو کوێم و

چیم دەوێ!

# خولیایەک

هەواڵنامەی کتێب

١

خولیایەک بە دوای خۆی خستووم

بەرەو کوێیە؟

دەنگێ نە ئاشنا

نە نامۆ

لە ناخەوە دەمدوێنێ

دەنگی کێیە؟

## ٢

شەو نماوی

منیش هەراسان و ونڕێ

دەڕوانم و

گوێم لە چرپەی بێدەنگییە

شەو پڕ لە شێ

پڕ غوربەت و

بۆنی خۆڵ و تاریکییە.

هەواڵنامەی کتێب

دەڕوانم و

چۆڵایی گەمارۆم دەدات

تەنیاییەکەم دەمترسێنێ

هەڵدێم هانا بۆ خۆم دەبەم

تاریکی لە پێم دەئاڵێ

دەگەم

ناگەم!

لە پڕ بیری دایکم دەکەم.

هەواڵنامەی کتێب

٣

دەنگێ هەم ئاشنا

هەم نامۆ

لە ناخەوە دەمدوێنێ!

خولیا بە کوێم دەگەێنێ؟

## بۆ مردن

خۆ تۆ هەر دێی ئێستا وەرە

دەمی ئەوین

کاتی کامڵبوون، پێگەیین

ساتی جوانی

دەمی رامان و خەوبینین.

کاتێ دەگەی جوانی، ژیان

عیشق و زەمان

تەنانەت بوون، وێنەی نەبوون

مانای نییە

کاتێ هاتی ئیتر هیچ شتێک

گرنگ نییە.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

خۆ تۆ هەر دێی

چاوەڕێی چیت ئێستا وەرە؟

بە هەر ناوێ

لەهەر کوێوە دەخوازیت بێی

بێ باک وەرە

بیرت نەچێ

دەرگای واڵای ماڵی شاعیر:

دڵە.

## شاعیرێ دەمرێ

شاعیرێ دەمرێ

ئەو رۆژەش ژیان، وەک هەموو رۆژان

بە هەمان ریتم و شیوازی جاران

رێگای خۆی دەبڕێ.

ئەو رۆژە دەڵێی هیچ رووی نەداوە

هیچ نەگۆڕاوە

رووناکی و جوانی گەش و درەوشاو

ژیان خۆیئاسا

پڕژین و لاوە.

ئەو رۆژە تەنیا تۆ کز و خەمۆش

پەرێشان، خەمپۆش

دوو دڵۆپ ئەسرین جار جار بەرچاوت

لیڵ دادەهێنن

دوای تاوێک وێنەی خەونی هاوبەشمان

بە بێ شوێنەوار دەڕۆن

نامێنن.

هەواڵنامەی کتێب

وەک هەموو رۆژان جوانی دەپشکوێ

ئەوین بەردەگرێ

ژیانیش بێ باک رێگای خۆی دەبڕێ.

هەواڵێک دەگا و

هەر زوو کۆن دەبێ:

شاعیرێ دەمرێ.

## من بیری زێدەکەم دەکەم

من بیری زێدەکەم دەکەم

بیری ماڵەکەم کە ئێستا کەلاوەیە

بیری دارمێو، گوڵەباخ و

ریحانەی حەوشەکەی دەکەم

کەماڵیان بۆنرێژ دەکرد و

ژیان جوانپۆش

بیری منداڵی و هەڵماتێن

بیری شەڕەبەفر و چاوشارکێ و تۆپتۆپێن

هەواڵنامەی کتێب

بیری ژوانی شەوانی تاریکی کۆڵان

بیری لاساریی منداڵی و

سەرکەشیی جارانم دەکەم

کە مانایان دەدا بە بوون

جوانی بە ژیان.

من بیری هیچ کەسێک ناکەم

هەر بیری  زێدەکەم دەکەم."١"

## شاجوانی گەرمیان

شاجوانەکەی گەرمیان ئێستا گۆڕاوە
چی تر شادی و جوانی و نازی لێ ناباریێ،
وەکو جاران شاناز و رووخۆش رێ ناکا
لەمێژە گەڕەک و کۆڵان
بۆنی شاجوانیان بەرداوە.

ئێستا هیچ کەسێ لەسەر رێ
دڵ پڕ هیوا
لەبەر سەرما و تینی سوتێنەری گەرما
بۆی ناوەستێ و
بیری ناکا.

هەواڵنامەی کتێب

شاجوانەکەی گەرمیان ئێستا گۆڕاوە.
تەنیا و خەمبار و دڵشکاو
مات و ڕەشپۆش
لەژێر باری غەدری وڵات و زەماندا
خەمۆش.

شاجوان کوڕێکی لە دۆزەخی ئەنفالدا
کرا بە سووتوو
کوڕەی تری نیوەشەوێ
ساتی ئاوێزانبوونی یار، گەرمەی خەوێ
هاتن بردیان
بەناو ترس و بۆنی خوێن و تاریکیدا
چاوبەستراو بردیان.

ڕۆژهات و چوو
شاجوان چاوەڕێی هەواڵی کوڕەکەی بوو.
هەواڵ گەیشت:
دیلکوژانی سەرمەستی خوێن
ناوی نوێیان لە کوڕە نا:
*بێسەروشوێن!*

هەواڵنامەی کتێب

ئێستا شاجوان لە وڵات زیز
لە ژیان تۆراوە
لەمێژە شاجوانی گەرمیان
وەک جاران نەماوە.

هەواڵنامەی کتێب

## ئاوێتەبوون

هەواڵنامەی کتێب

کەسێک لە تاریکیدا مۆمێکی داگیرساند

بە پەنجەیەک، کە ڕووناکیی لێ دەچۆڕا

ڕێگایەکی نوێی پێشان داین.

ئەو لەبەر هەمووان و

بە ناوی ئازادی و ژیان

مۆمەکەی داگیرساند و چوو

ئەو ئاوێتەی ڕووناکی بوو.

ئەو دەستەی مۆمەکەی داگیرساند

بیری هێناینەوە مۆمێ، تاکە مۆمێ

لەوانەیە شەو بگۆڕێ بە چراخان،

دەشێ دەستێ باخی جوانی ئاوا بکا و

مانای نوێ بدات بە ژیان.

ئەو ئینسان بوو

سادە وەک خاک

دۆست و هەڤاڵی هەمووان بوو

شەوێ بە بێدەنگی هات و

بێدەنگانە بە رێی خۆیدا گەڕایەوە

ئەو چوو

رووناکی مایەوە.

هەواڵنامەی کتێب

# III

## بەڵام لە هەموویان جوانتر

(٢٩ هایكو و هایكوی ئازاد)

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

I

هەواڵنامەی کتێب

**شەوگەڕ**

شەو ئارام و شار نوستووە

کۆڵان بە کۆڵان

مانگ دوام کەوتووە.

**ونڕێ**

هەواڵنامەی کتێب

منئاسا ونڕێ

شەکەت و تەزیو، بەنێو هەوردا

مانگ تێدەپەڕێ.

هەواڵنامەی کتێب

**پەڕینەوە**

لە پڕ تاریکی ڕەوییەوە

بەنێو دەریاچەکەدا مانگ

وێنەی بەلەمێک پەڕییەوە.

**نوقمبوون**

هەواڵنامەی کتێب

کەس بە هانایەوە نەچوو

ئێوارە بوو لە دەریادا

خۆر نوقم بوو.

هەواڵنامەی کتێب

**بینین**

لە تاریکیشدا

گوڵەباخ دەدرەوشێتەوە-

بە بۆن دەیبینم.

هەواڵنامەی کتێب

**سەما**

دیسان کزەبا

لەگەڵ قەرسیلدا مەستانە

کەوتۆتە سەما.

هەواڵنامەی کتێب

**پاراو**

وشکەساڵە

هەر داربەڕووەکە پارئاسا

پاراو ماوە.

هەواڵنامەی کتێب

**گژەبا**

لە ناکاو گژەبا

بەنێو گەڵاڕێزاندا

پایزی هێنا.

هەواڵنامەی کتێب

**خەمڕەوێن**

تەنانەت شەو

بە بۆنەکەی روون دەنوێنێ-

گوڵەنێرگز خەمڕەوێنە.

## II

هەواڵنامەی کتێب

### سەرهەڵگرتن

وەک شێت سەری هەڵگرتووە

بە نێو شەودا پەپوولەکە

بە دوای بڵێسە کەوتووە.

هەواڵنامەی کتێب

**سەرمەست**

دەڵێی حاڵیان لێ هاتووە

لەبەر تریفەدا پەپوولە

سەما دەکەن.

هەواڵنامەی کتێب

**خەوبینەر**

لە نێوانی

دوو لاپەڕەی کتێبێکدا

پەپولەکە خەو دەبینێ.

هەواڵنامەی کتێب

**هانا**

وەرە خۆارێ لەسەر دارێ

ئەی چۆلەکە چکۆلەکە

زووکە فێری فڕینم کە. (٣)

هەواڵنامەی کتێب

**بولبوول**

لەسەر ترۆپکی چنارێ

بوولبول دەخوێنێ

جوانی، بەختیاری دێنێ.

هەواڵنامەی کتێب

**دوو یار**

لە کەناری دەریاچەکە

بە تریفە خۆیان دەشۆن-

دوو قازەکێوی.

**پاساری**

هەواڵنامەی کتێب

پاسارییەکان دەجریوێنن

دەڵێی هەمان شت پێکەوە

دەڵێنەوە.

هەواڵنامەی کتێب

**لە دوورە**

لە دوورەوە دێ

قاژەقاژی قاژووەکە

تاریکی دەبڕێ.

## روانین

هەواڵنامەی کتێب

وادەزانێ بەهاری هێناوەتەوە

شاد و شاناز لە ئاوێنەی گۆلاوێکدا

لەقلەقێک بۆ خۆی دەروانێ!

## III

هەواڵنامەی کتێب

### زەردەپەڕ

خۆر ئاوا بوو
زەردەپەڕ لە چاوانتا
هەر مابوو.

## شاناز

هەواڵنامەی کتێب

جوان وێنەی ژیان

بەناز و شاناز:

ژنێکی دووگیان.

هەواڵنامەی کتێب

**میوان**

وەک منداڵ نووستوون
لەسەرخۆ بە پەنجەرەدا
مانگ دەچێتە خانەی پیران.

## یاری

هەواڵنامەی کتێب

کەوت و رابۆوە

بەدوای سێبەری خۆیدا رادەکا_

منداڵەکە.

## خۆشوشتن

هەواڵنامەی کتێب

لەگەڵ پۆلێ چۆلەکەدا

بەخۆڵ خۆی دەشوا_

منداڵەکە.

هەواڵنامەی کتێب

**تازیەبار**

لەناو هەمووواندا

هەر رەشپۆشان چاوتەڕن،

جەنازەیەک بەڕێوەیە.

هەواڵنامەی کتێب

**شیرەشیر**

له هەرجێ شیرەی گومڕایی

دەبوو له بڵندگۆکانەوه

مۆسیقا ببیسترایه.

هەواڵنامەی کتێب

**پرسیار**

کوا ڕەوایە!

بە تەنیا جێت هێشتووم

خوایە!(٤)

**پرسیارێک**

هەواڵنامەی کتێب

خەون بە خەون

شار بە شار دەڕوات

کەی بە خۆی دەگات؟

**ونبوون**

هەواڵنامەی کتێب

لە ناکاو بزربوو

سێبەرم، ئاوێتەی

سێبەری هەور بوو.

**جوانترینیان**

هەواڵنامەی کتێب

بەڵام لە هەموویان جوانتر

بارانەکە بوو کە نم.. نم

بە روخسارتا دەهاتە خوار.

## چەند سەرنجێک

١- بۆ زیاتر بڕوانە: ڕەفیق سابیر، هایکو: ناودارترین شیعری یابانییە. ئەم باسە، لە نیسانی ٢٠١٥ بە دوو بەش لە ڕۆژنامەی (چاودێر)دا بڵاو کرایەوە.

٢- هۆنراوەی من بیری زێدەکەم دەکەم، ئاماژەیە بۆ هۆنراوەیەکی شاعیری سوێدی ڤێرنەن ڤۆن هەیدنشتام ١٨٥٩-١٩٤٠

٣- دواندن و بانگکردنی باڵندە و ئاژەڵ لە هایکوی یابانیدا زۆر بەرچاو دەکەون، بۆ نموونە:

که دەمرم
دەمەوێ تۆ، کوللەکە!
زێوانم بیت.
(ئیسسا کۆباتاشی ١٧٦٣-١٨٢٧)

هەواڵنامەی کتێب

یان:
وەرە بەچکە چۆلەکەکە!
کە دایک و باوکت نەماون
لەگەڵ من یاری بکە.
(هایکو ل٣٨)

٤- ئاماژەیە بۆ وتەیەکی مەسیح کە پێش لەسێدارەدانی دەڵێت:
"خوایە.. خوایە بۆ بەتەنیا بەجێت هێشتم".

# فەرهەنگۆک

* پۆلوو: پشکۆ

* تاراو(تاراندن): سەرهەڵگرتوو، ڕۆیشتووی بێ گەڕانەوە. تارەکردن.
* تاو: کاتێکی کەم، ساتێک.
*تاو: حەسرەت، تاسە و ئارەزوو. (تاوێ لە تاوی تۆیە) واتا ساتێ لە سوێ و ئارەزووی تۆیە.
* تژی: پڕ، لێوالێو.
* جمک: دوانە، زگەدووانە، دوو کەسی بەزگێک زاو
* جواناو: لە دوو وشەی لێکدراوی (جوان-ئاو) دروست کراوە، لە شێوەی گوڵاو، ماستاو تاد. هەروا وشەی جواناو بە مانای ئارەقەی سەرەمەرگیش دێت. لێرەدا بە مانای یەکەمیان بەکار هێندراوە.
* دەلیل: ڕێشاندەر، چاوساخ
* حاڵ، حاڵات: جەزمە و زیکری دەروێشان.
* خۆشبین: بە ئومێد، گەشبین
* ڕەوین: هەڵاتن، دیارنەمان (خەوڕەوین، ڕەوینەوەی تەم تاد.
* زێد: شوێنی لەدایکبوون، نیشتمان.

* زێوان: پاسەوانی گۆڕ.
* سوێ/ سوێبوونەوە: حەسرەت، تاسە.
بە سوێ: بە ئازار و پڕ ژان، مایەی داخ و حەسرەت
* شیڕە: نەڕە، دەنگی بەرز و پڕ لە هاتوهاوار و تووڕەیی.
* ڤیان: ئەوین، عیشق، خۆشەویستی
* نغرۆ: بە زەویدا ڕۆچوون
* نۆستالجیا، نۆستاڵجی: غەریبیکردنی وڵات، یادکردنی ڕابردوو.
* هەدا: ئارام، ئۆقرە
*هەدادان: ئارامگرتن
* هەڵوەدا: تەرە و ئاوارەی دەشت و دەر.

هەواڵنامەی کتێب